# ياسای مۆری خشڵ ژمارە ٨٣ی ساڵی ١٩٧٦ ی هەموار کراو

## ماددەی یەکەمین:

**یەکەم:** بۆ مەبەستەکانی ئەویاسایە ئەمانەی خوارەوە لەبەر چاو دەگیرێت.

ا- **زێڕینگر:** هەر یەکی دەگرێتەوە کە پیشەسازی خشڵ (زێڕ، زیو، پلاتین) بکات بە پیشەی خۆی و بیکڕی و بیفرۆشێ چ خاوەن کار بێت یا بۆ خاوەن کارە کار بکات.

ب- **دارِشتە زێڕەکان:** بریتیە لەو پارچە کانزا دروست کراوانەی کەلانی کەم نۆ عەیاری تێدا بێت کە ئەویش دەکاتە (٣٧٥ بەش لە هەزاردا) زێڕی پاکژ.

ج. **دارِشتە زیویەکان:** ئەوپارچە کانزایە دروست کراوانەن کەلانی کەم ڕێژەی (٦٠٠ بەش لە ١٠٠٠) زیوی پاکژی تێدا بێت.

د - **دارِشتە پلاتینەکان :** ئەو پارچە کانزایانەن کە لانی کەم (٨٥٠ بەش لە ١٠٠٠) پلاتینی پاکژی تێدایە.

**دووەم:** بە یەکەی (کێشی گرام) هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکرێت.

## ماددەی دووەمین:

یەکەم: زێڕینگر بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە دەبێت مۆڵەتی ئەنجامدانی پیشەی زێڕینگری بە دەست بێنێت:

ا – دەبێت خزمەتی سەربازی تەواوکردبێ یان لێی بوردرا بێت.

ب- دەبێت شوێنێکی دیاریکراو سەر بە خۆی هەبێ بۆ کڕین و فرۆشتنی خشڵ کەپێشەنگایەکی بەر چاویشی بۆ نمایشی خشڵەکان هەبێت.

ج- دەبێت لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو بێت کە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بەڕێوە دەچێت و دەزگای ناوەندی پێوانە سازی و کۆنترۆلی جۆری پێکی دێنێت.

د- دەبێت مانەوە (اقامە) ی لە دەرووەی ولاَت وەرنەگرتبێت.

**دووەم:** هەردووساڵ جارێك مۆڵەتەکەی نوێ دەکاتەوە ئەمەش بە بەرز کردنەوەی داواکاریەك بۆ ئەو دەزگایە لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ساڵ و دەبێ مۆڵەتەکەی تێدا نوێ بکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەمە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دەزگای ناوەندی پشت گیری بکات بەوەی کە نوێ نەکردنەوەکەی بۆ هۆکارێك دەگەرێتەوە کە بێ خواستی زێڕینگرەکە بووە.

**سێیەم:** ئەو زێڕینگرەی کە مۆڵەتەکەی هەڵوەشاوەتەوە لەسەریەتی کە هەموو ئەو وابەستەیانەی ( التزامات) کە لەسەر شانیەتی لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا جێ بە جێ بکات لەو ڕۆژەی کە لە برگەی (دوو)ی ئەو ماددەیە دیاری کراوە .هەروەها نابیت بەکاری زێڕینگری هەڵسێت بەر لە وەرگرتنی مۆڵەتی تازە بە بەرزکردنەوەی داوکاریەك لەدوای ئەو (٦٠) ڕۆژەی کە باسی لێوە کرا.

**چوارەم:** لە کاتی نەمانی یەکێك لەو مەرجانەی کە لەبرگەی (یەکەم) ی ئەو ماددەیە هاتووە ، دەزگا بۆی هەیە بە بڕیارێکی بەڵگە دارەوە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە و مۆڵەت پێدراوەکە پێویستە لەسەری هەموو کارانەی کە دەکەوێتە ئەستوی جێبەجێ بکا لەو ماوەی کە لە برگەی (سێ) دا دیاری کراوە.

## ماددەی سێیەمین:

نابێت خشڵەکانی زێڕ و زیو پلاتین بفرۆشرێ و بارمتە دابنرێ یا بۆ فرۆشتن بخرێتە ڕوو یا لەماڵەوە هەڵگیری بە مەبەستی فرۆشتن تەنها ئەگەر ئەو کاتە نەبێ کە بە عەیاری یاسایی مۆر کرابێت و یەکێك لەو نیشانانەی پێوە بێت کە لە خشتەی ژمارە (یەکی) هاوپێچی ئەو یاسادا هاتووە.

## ماددەی چوارەمین :

نابێت خشڵە زێڕی و زیوی و پلاتنیەکان بفرۆشرێ یان بۆ فرۆشتن نمایش بکرێن یان هەڵگیرن بۆ مەبەستی فرۆشتن. هەروەها نابێت لە ژێر دەستی گومرگ و پۆستە دەربهێنرێ تەنها لەدوای پشکنینیان لە لایەن فەرمانگەی مۆرکردنی خشڵەکان، تەنها ئەو خشڵانە نەبێت کە مۆری یەکێ لە دەوڵەتە بیانیەکانیان لەسەرە و بە بڕیاری وەزیر دروستیی نیشانەکەی بسەلمێنرێت.

## ماددەی پێنجەمین:

بۆ ئەوکەسانە کە خشڵی زێڕ و زیو و پلاتینی مۆرنەکراو دەهێنن، بۆیان هەیە دووبارە هەناردەی دەرەوەی بکەنەوە یا بۆ مۆرکردن پێشکەشی بکەن، لەم حاڵەتەی دوایدا خشڵەکان دەکێشرین و بە مۆری فەرمانگەی گومرگ یان پۆستە مۆر دەکرێن و لەسەر خەرجی ئەو کەسە ڕەوانەی فەرمانگەی مۆرکردن دەکرێت کە خشڵەکە ی هێناوە. ئەگەرفەرمانگەی مۆرکردن ئەو خشڵانەی ڕەتکردەوە لەسەر بنەمای نەبوونی مەرجی یاسایی تیایاندا ئەوا دووبارە لەسەر خەرجی ئەو کەسە دەنێردرێتەوە بۆ فەرمانگەی گومرگ یا پۆستە بۆ ئەوەی لە جیاتی شکاندنەوەیان دووبارە بۆ دەرەوەی وڵات هەناردەی بکاتەوە، ئەو وەختە بەیاسای کاڵا گەڕێندراوەکان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرێت.

ئەو خشڵانەی بۆ سەفارەتەکان ڕەوانە کراون لە لایەن وڵاتەکانیانەوە لە حکومی ئەو ماددەیە بەدەرن، بەڵام ئەو خشڵانەی لەلایەن گەشتیارانەوە لەبەر کراون ( بە کار هێنراون) ئەوا دەبێت بخرێنە ڕوو بۆ ئەو

مەبەستە تا ڕەسمی گومرگیان لەسەر بدرێت لە کاتی فرۆشتنیان لە عیراق. هەروەها پێویستە لەسەر ئەوانەی کە ئەو خشڵانە دەکڕن ڕەسمەکەی بدەن ئەگەر نەدرا بوو .

## ماددەی شەشەمین:

وەزیر بۆی هەیە لە بەیانێکدا ئەم بڕیارانە بدات :

١- قەدەغەکردنی پاککردنەوەی ئەو خۆڵە زێڕانەی کە لە ئەنجامی پرۆسەی دروست کردنی خشڵ دەردەچێت و ناچار کردنی گشت زێڕینگرەکان کە چیخۆڵی زێڕ هەیە ڕادەستی فەرمانگەی مۆر کردنی بکەنەوەو بە پێی نرخی بڕیار لێ دراو نرخەکانیان بدەن.

٢- هەڵسانی فەرمانگەی مۆرکردن بە وەرگرتنی خۆڵە زێڕەکان و پاکردنەوەو گۆرینی بۆ پارچەی زێڕ بەو ڕێگەیەی کە بە کار ی دێنێ هەروەها مۆر کردنی بە عەیاری ڕاستەقینەی خۆیو فرۆشتنەوی بۆ بانقی ڕافیدەین بە پیێ نرخی بڕیار لێ دراو.

٣- ڕاسپاردنی فەرمانگەی مۆری خشڵەکان وەك تاکە لایەن بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی پاکردنەوەی خشڵە زێڕەکان.

٤- ڕێپێدانی دەستەی مۆرکردن بە کڕینی ئەو خشڵە زێڕە بە کارهێنراوانەی کە هاولآتیان بە پێی نرخی ئەو کاتە دەیخەنە ڕوو و هەڵسانی ئەو فەرمانگەیە بە پاککردنەوە و گۆرینی خشڵەکە بۆ پارچە زێڕ و مۆر کردن بە عەیاری ڕاستەقینەی خۆی و فرۆشتنی بە بانقی ڕافیدەین.

٥- فەرمان پێدانی لایەنە تایبەتمەندەکان بە ڕادەستکردنەوەی خشڵەکان یان پارچە زێڕو زیو و پلاتینەکان کە لە لایەن ئەوانە کە ژێر دەست کراوە هی گەنجینەن بۆ فەرمانگەی مۆرکردن بە پێی نرخی باو بۆ پاککردنەو گۆڕینیان بۆ پارچە و دووبارە مۆرکردن و فرۆشتنیان بە بانقی ڕافیدەین.

## ماددەی حەوتەمین:

یەکەم: هەموو کەسێك بۆی هەیە ئەو خشڵە زێڕ و زیو و پلاتینەکان یان جۆرەکانی زێڕو زیوی دارێژ نەکراو یا تێکەلەکەیان پێشکەشی فەرمانگەی مۆرکردنی خشڵ بکات بۆ پشکنین و مۆر کردن و دڵنیا بوون لە عەیارەکەی، بە مەرجێ لەگەڵیاندا داواکاریەك بە دەستخەتی خۆی پێشکەش بکاو تێیدا جۆری ئەو کانزایە دیار بکات کە دەیەوێ پشکنین و مۆرکردنی بۆ بکات لەسەر خەرجی داواکارەکە.

دووەم: دەشێ داوای دووبارە چاو خشاندنەوە بە ئەنجامەکانی پشکنین بکرێت لە لایەن فەرمانگە مۆرکردن لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی بەرزکردنەوەی داواکاری پشکنینەکە، ئەوکاتە دووبارە لەسەر

**خەرجی داواكارەكە پرۆسەی پشكنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بە مـەرجێك داواكاری ڕازی نـەبوون و دووبـارە پشكنینەوەكە بەر لە ڕادەستكردەوەی خشڵەكان بێت.**

## ماددەی هەشتەم :

**عەیارە یاسایەكانی خشڵ بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:**

**١- خشڵە زێڕەكان**

**ا_ عەیار (٢٢)یان (٩١٦/٦)بەش لە هەزار.**

**ب_ عەیار (٢١) یان (٨٧٥) بەش لە هەزار.**

**ج_ عەیار (١٨) یان (٧٥٠) بەش لە هەزار**

**د_عەیار (١٤) یان (٥٨٣/٣) بەش لە هەزار.**

**هـ_عەیار (١٢) یان (٥٠٠) بەش لە هەزار.**

**و_ عەیار (٩) یان (٣٧٥) بەش لە هەزار**

**خشڵە زیویەكان:**

**أ- (٩٠٠) بەش لە هەزار.**

**ب- (٨٠٠) بەش لە هەزر.**

**ت- (٦٠٠) بەش لە هەزار**

**٢- خشڵە پلاتینیەكان:**

**(٨٥٠) بەش لە هەزار**

## ماددەی نۆیەمین :

**یەكەم: ئەو خشڵانەی كە دەخوازرێ كاری پشكنین و مۆركردنیان بـۆ بكرێـت دەبێـت لـە یـەك جـۆر و لەیـەك عـەیار بن. هەروەها دەبێت ئەمە لەو بەڵگەنامەیە چەسپاو بێت كە زێرینگرە پێشكەشی دەكات.**

**دووەم: ئەگەر لە ئەنجامی شی كردنەوەی خشڵەكان دەركەوت لە دوو عەیاری بە دوایەكدا هاتوونین، ئەوا پێویسە خشڵەكە بشكێنرێت.بەڵام ئەگەر دەركەوت كە خشڵەكان لە دوو عەیاری بەدوای یەكدا هاتوون ئەوا زێڕینگرە كە سـەر پشك دەكرێت لەوەی كە بەعەیاری كەمتر مۆربكرێت یان بشكێنرێن. لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو سزایانەی كە لەماددەی پانزەی ئەو یاسایە هاتووە.**

**سێیەم: ئەگـەر لـە ئـەنجامی شیكردنەوە دەركـەوت كـە عـەیاری خشـڵەكان لەسـەروی ئـەو عەیارەدایـە كـە لـە بەڵگـە نامەكەدا هاتووە ئەوا بەو عەیارە مۆردەكرێت كە لە بەڵگە نامەكەدا هاتووە.**

**چوارەم:** فەرمانگەی مۆر کردن هەڵدەستێ بە پشکنین و مۆر کردنی خشڵەکان بە پێی ئەو ڕینماییەی کە لەو یاسادایە هاتووە بە مەرجێ عەیارەکەی لە لانی کەمی ئەو عەیارە یاساییانە کەمتر نەبێت کە بۆ خشڵەکان کراوە .

**پێنجەم :** فەرمانگەی مۆرکردن هەڵدەستێ بە مۆرکردنی پارچەو جۆرە دانەرێژراوەکان و بە عەیاری ڕاستەقینەی خۆیان مۆریان دەکات.

## ماددەی دەیەمین:

**یەکەم:** دەبێت عەیاری گشت بەشەکانی خشڵە زێڕەکە یا پلاتینینەکە کە پێکهاتوون لە چەند بەشێکی بەیەکەوە بەستراو، ئەو زێڕەی کە بۆ بەیەکەوە نوساندن بەکار دێت (لحیم) لە عەیاری یاسایی کەمتر نەبێت.

**دووەم:** نابێت چاو پۆشین لە عەیاردا بکرێت ئەگەر کەم و کورتیەکە لە دوو لە هەزاری خشڵەکە زیاتر نەبی .

## ماددەی یانزەمین:

پێویستە لەسەر مۆڵەت پێدراو بە پێی ئەو یاسایە دەفتەری تۆماری تایبەتی هەبێت بۆ تۆمار کردنی ئەو پارچەو خشڵانەی کە هەیەتی بە جۆرەکانیان و کێش و عەیارو سەرچاوەیان لە گەڵ چەندان زانیاری تر کە فەرماگەی مۆرکردن بۆی ئامادە دەکات .

## ماددەی دوانزەمین:

لە کاتی واز هێنانی مۆڵەت پێدراو یا مردنی پێوستە لەسەری یا میرات گرەکەی یا ئەو کەسەی کە بە پێی یاسا شوێنیان دەگرێتەوە بە نوسین ئاگاداری فەرمانگەی مۆرکردنی خشڵ بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی کاری پێوسیت.

## ماددەی سیزدەمین:

فەرمانگەی مۆرکردن ڕەسم و کرێکانی بڕیار لێ دراو وەردەگریت بە پێی خشتەی ژمارە (٢) کە کراوەتە پاشکۆی ئەو یاسایە.

**ماددەی چواردەمین:** وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵات (تەخویل ) بداتە ئەو فەرمانبەرانەی فەرمانگەی مۆرکردن لەوانەی کە دەرچووی کۆلیجی مافن و وەزارەت دەست نیشانیان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە دژ بەو یاسانە ئەنجام دەدرێت.

## ماددەی پانزەمین:

یەکەم: فەرمانگەی مۆرکردن دەتوانێ ئەم ڕێ و شوێنانەی خوارەوە بگریتە بەر لە بەرامبەر هەر زێڕینگرێك کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەویاسایە بکات لەگەڵ پەیوەست بوونی بە دەقەکانی دیکەی سزادان.

ا: سەرنج ڕاكێشان بە نوسراوێك كە ئاڕاستەی سەرپێچی كارەكە دەكرێت كە تێیدا داوا دەكرێت سەر پێچیەكە دووبارە نەكاتەوە.
ب : ئاگاداركردنە (گەف ) بە نوسراوێك كە ئاڕاستەی سەرپێچی كارەكە دەكرێت و تێیدا هەڵسوكەوتە نادروستەكانی نیشان دەكرێ و پێی ڕادەگەیەنرێت دووبارەی نەكاتەوە ئەگەر نا بە پێچەوانەوە ئەو ڕێو شوێنانەی كە لە برگەی برگەی (ج) ی ئەو ماددەیەدا هاتووە بەسەریدا جێبەجێ دكرێت
ج : قەدەغەكردنی بەردەوامبوونی زێڕینگر لە پیشەكەی- ئەمەش لە ڕێگەی ڕێگرتن لە ئەنجامدانی پیشەكەی بۆ ماوەیەك كە لە سێ مانگ زیاتر نەبێ وە نابێ لەوماوەیەدا زێڕینگرێكی تر لە شوێنەكەیدا كار بكات. لەكاتی دووبارە سەرپێچی كردنی مۆڵەتەكەی لێ وەردەگرێتەوە كە نابێ لە شەش مانگ زیاتر بێ.
د: كێشانەوەی مۆڵەت – ئەمەش لە ڕێگەی دەرچوواندنی حوكمێك دەكرێت بەسەر زێڕینگردا بە تاوانی بێ ڕێزی كردن لە بەرامبەر شەرەفی پیشەكەی، دوای ئەوەی حوكمەكەی دوا پلەی خۆی وەردەگرێت. هەروەها مۆڵەتەكەی پێنادرێتەوە تا متمانەكەی خۆی وەردەگرێتەوە.
دووەم: زێڕینگر بۆی هەیە بە پێی خاڵی (ج) لە برگەی یەكەمی ئەوماددەیە لە ماوەی پانزە ڕۆژ لەو ڕۆژەی كە لە بریارەكە ئاگادار كراوەتەوە ناڕەزایی خۆی بۆ وەزیر بەرزر بكاتەوە لەسەر بڕیارەكەی فەرمانگەی مۆركردن بڕیاری وەزیریش بۆ ئەومەسەلە یەكلاكەرەوە .

## ماددەی شانزەمین :

هەر كەسێك سەرپێچی حوكمەكانی ماددەی (١١) ئەویاسایە بكات بەحەبس كردنی ماوەیەك سزا دەدرێت كە لە شەش مانگی زیاتر نەبێت یا بە مەبلەغێكی (٥٠) دینار كەمتر نەبی و لە ٢٥٠ زیاتر نەبی یا هەردوو سزاكە بەیەكەوە.

## ماددەی حەڤدەمین :

هەركەسێ گۆڕانكاریەك لە مۆری خشڵەكانی بكات چ بە ڕێگەی خستنە سەر بێت یا بە گۆڕین یا هەر بە ڕێگەیەكی تر بە حەبس كردن سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك كە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ یا بە بڕە پارەیەك سزا دەدرێ كە لە ٥٠٠ دینار زیاتر نەبێ لە ٢٥٠دینار كەمتر نەبی یا هەردوو سزاكە بەیەكەوە. هەروەها هەركەسێ ئەو خشڵانە بۆ فرۆشتن بخاتە ڕوو یا بەمەبەستی فرۆشتن و مامەڵە پێ كردن لای خۆی گلی دایەوە ئەوا هەمان سزا دەیانگرێتەوە.

## ماددەی هەژدەیەمین :

هەر کەسیٚ سەرپێچی حوکمی ماددەکانی (دوو، سیٚ ،چوار) لەو یاسایەدا بە دووساڵ حەبس کردن سزا دەدرێت یا بە بڕە پارەك سزا دەدرێت کە نابیٚ لە دینار ٥٠٠ زیاتر بیٚ و لە ٢٠٠ دینار کەمتر نەبیٚ . یا هەردوو سزاکە بەیەکەوە .

## ماددەی نۆزدەمین :

دادگا بۆی هەیە مۆڵەت هەڵوەشێنیتەوە دوکانی زیڕینگری دابخات بۆ ماوەی کاتی یا هەمیشەیی لە کاتی حوکمدانی لەسەر زێڕینگرەکە لەسەر هەر تاوانێك کە لەو یاسادا هاتووە.

## ماددەی بیستەمین :

یەکەم: فەرمانبەرانی فە رمانگەی مۆرکردن ئەوانەی ڕێپێدراون بۆ کاری پشکنین و چاودێری، بۆیان هەیە بچنە دوکانی زێڕینگرو هەموو ئەو خشلانە دەست بەسەردا بگرن کە نایاسایین دەتوانن ڕێو شوێنی یاسایی لەو بارەیەوە بگرنە بەر.

دووەم: وەختیٚ دەستیان بەسەر خشڵی کە گومان لیٚ کراودا گرت دەبێت لە گەنجینەیەکی پڕ لە ئەمانەت هەڵیبگرن تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت یان دەچێتە بەر دەم دادگا.

سێیەم: ئەگەر لە لێکۆڵینەوە یا لە دەزگا سەلمێنرا کە عەیاری ئەو خشڵانە کە لە برگەی دووەمدا ناویان هاتووە لەو ماددەیە عەیاری یاسایین ئەوا مۆردەکریت و ئەگەر نا دەشکێنرین .

چوارەم :خشڵە دەست بەسەردا گیراوەکان لە دوای شکاندنیان نادرێنەوە خاوەکانیان تا ئەوکاتەی ڕەسم و خەرجیەکانی دەدرین بە پێیٚ یاسا، ئەگەر لەماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی دەچوونی بریار یا حوکمی کۆتایی نەدرێن ئەواخشڵەکە بە شێوەی زیاد کردنی ئاشکرا بە بەرزترین نرخ دەفرۆشرێن و لە نرخەکەی ڕەسم و خەرجیەکانی تری لیٚ دەگێردرێتەوە بڕەکەی تریشی دەدرێتەوە خاوەنەکەی ، هەروەها فەرمانگەی مۆرکردن بۆ هەیە ئەو جۆرە خشڵانە بکڕێتەوە بەپێی نرخی باوی ئەو وەختە، ئەگەر دەرکەوت کە نرخی ئەو خشڵانە کەمترە لە پارەی ڕەسم و خەرجیەکانی ئەوا جیاوازیەکەی لە خاوەنەکەی وەردەگێرێتەوە و حوکمی یاسای وەرگرتنی قەرزەکانی بۆ حکومەت لە بەرامبەر جێبەجیٚ دەکرێت لەو کاتەی کە ئامادە نەبوو بڕی جیاوازیەکەی بدات.

پێنجەم : خاوەندارییتی خشڵە دەست بەسەردا گیراوەکان بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە لە کاتێك لە کەسێك خۆی نەکرد بە خاوەنی دوای تێپەر بوونی ساڵێك بەسەر ڕۆژی وەرگرتنی ئەو بڕیارەی کە لە دادگاوە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەرچووە.

## ماددەی بیست و یەکەمین:

ئەمانەی خوارەوە لە حوکمی ئەو یاسا بەدەرن :

یەکەم: خشڵە شوێنەوەاریەکان لە زێڕو زیو پلاتین بە پشت بەستن بە پێشنیازی بە ر یوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار .

دووەم: خشڵە کەسە نابازرگانیەکان لە زێڕو زیو پلاتنین کە هی ئەو گەشتیارانەن کە دێن بۆ ناو خاکی عیراق و یا دەچنە دەرەوەی عیراق بە پێی ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان.

## ماددەی بیست و دووەمین:

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ کار ئاسانی لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە .

## ماددەی بیست و سێیەمین:

یاسای مۆرکرنی خشڵی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٧٠ و هەموارکردنی و ئەو ڕێنمایانەش هەڵدەوەشێتەوە کە لەسەر یاسای ناو براو کراوە.

## ماددەی بیست و چوارەمین :

ئەو یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا دیتە جێبەجێ کردن.